# راسپاردە و پێشنیاری رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی

## دەربارەی "پرۆژەی یاسای چاکسازی لە خانەنشینی و مووچە و دەرماڵەو بەخشین و ئیمتیازاتەکانی دیکە لە هەرێمی کوردستان-عێراق"


رێێکخراوی ستۆپ

بۆ چاودێری و پەرەپێدان


2019


STOP Organization

for Monitoring & Development

# راسپاردە و پێشنیاری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی

## دەربارەی "پرۆژەی یاسای چاکسازی لە خانەنشینی و مووچە و دەرماڵەو بەخشین و ئیمتیازاتەکانی دیکە لە هەرێمی کوردستان-عێراق"

## ڕێکخراوی ستۆپ

بۆ چاودێری و پەرەپێدان

Stop Organization
for Monitoring & Development
www.stopac.org
info@stopac.org
07816958474 - 07504855967

## پوختەی چالاکی

به دەست پێشخەری  ڕێکخراوی (STOP) و بەهاوبەشی لەگەڵ ڕێکخراوی فریاکەوتنی میللی (PAO) گفتوگۆیەکی کراوە لە بەرواری 21 کانونی یەکەمی 2019 لە شاری هەولێر بە ئامادەبوونی (30) نوێنەر لە ریکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و شارەزایانی بواری یاسا و دارایی لە ناوەندە ئەکادیمیەکان  و ئەندامانی پەرلەمان ساز کرد و تیادا شرۆڤەی پرۆژە (یاسای چاکسازی لە خانەنشینی و مووچە و دەرماڵەو بەخشین و ئیمتیازاتەکانی دیکە لە هەرێمی کوردستان-عێراق) کرد، ئامادەبووان لە گفتوگۆیەکی تێرو تەسەل سەرەڕای دەست خۆشی لە هەنگاوی چاکسازی چەندین ڕاوپێشنیار خرانە، بەرێوەبەری ڕێکخراوی ستۆپ لەمبارەیەوە دەڵێ، بەدیدی ئێمە لە هەموو پرۆژە یاسایەك لە پەرلەمان گفتوگۆی لەسەر دەکرێت پێویستە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی قسەی خۆیانی تێدابکەن و دەولەمەندی بکەن.

هاوکات، ڕۆژی یەکشەممە 23ی کانونی یەکەمی 2019 راسپاردە و پێشنیارەکان گەیەندرایە پەرلەمانی کوردستان و لەگەڵ لیژنەی دەسپاکی گفتوگۆیەکی تێروتەسەل لەبارەی ناوەڕۆکی پێشنیارەکان بۆ دەوڵەمەندکردنی پرۆژە یاساکە، هەروەها راسپاردە و پێشنیارەکان رادەستی سەرۆکایەتی پەرلەمان و زۆرینەی پەرلەمانتاران کراوە.

# راسپاردە و پێشنیارەکان ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی

"پرۆژەی یاسای چاکسازی لە خانەنشینی و مووچە و دەرماڵەو بەخشین و ئیمتیازاتەکانی دیکە لە هەرێمی کوردستان-عێراق"

## تێبینی گشتیەکان:

**1. پرۆژەی چاکسازی لە هەرێمی کوردستان فراوانترو هەمەلایەنترە کە پێویستە بە گشتی چاکسازی بکرێت لە بوارەکانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵآتی و فەرهەنگی لە چوارچێوەی پلانێکی ستراتیجی درێژخایەن.**

**2. پرۆژەی چاکسازی لە هەرێمی کوردستان چگە لەم پرۆژە یاساییە پێویستە کەرتەکانی تریش بگرێتەوە لە پێش دا (سەرچاوەکانی داهات لە بواری نەوت و گومرگ و وەبەرهێنان و دەرمان و فرۆشتنی زەوی وزار و قۆرغکردن).**

**3. شێوازی خەرج کردنی لە هەرێمی کوردستان پێویستە لە چوارچێوەی بوجەی ساڵآنە ڕێکبخرێت و پەرلەمان دەنگی لەسەر بدات و ئاشکرا بکرێت بۆ هاوڵاتیان.**

## تێبینیەکان تایبەتەکان لەبارەی پرۆژە یاساکە :

**١. پێویستە ناوی پرۆژەکە هەموار بکرێتەوە چونکە ناکرێت لە ناوی یاسادا باس لە هی تر بکرێـت و بکرێت بە (پرۆژەی یاسای هەمواری یاساکانی خانەنشینی و مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق).**

**٢. لە بەشی یەکەم ئامانجەکانی یاساکە مادەی 1 خالێك زیاد بکرێت تایبەت بە هاوتاکردنی سیستەمی مووچە و خانەنشینی وەکو حکومەتی ئیتحادی لە بەغدا.**

**٣. لە بەشی دووەم بواری خانەنشینی مادەی 2 خالێك زیاد بکرێـت تایبەت بە کەمترین مووچەی خانەنشینی و بەرزترین مووچە و تیادا دادپەروەری جێبەجێ بکرێـت لە نێوان پلە وەزیفیە گشتیەکان دا.**

**٤. لە بەشی دووەم بواری خانەنشینی مادەی 2 تایبەت بەو پلەو پۆستانەی کە بۆ ماوەیەکی کاتی دەبێت وەکو ئەندامانی پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگا و وەزیر و سەرۆکی دەستە سەربەخۆکان لە کاتی تەواوبوونی ئەرکەکەیان بگەڕێنەوە سەر کاری پێشوویان و پێویستیان بە خانەنشینی نییە.**

**٥. مادەی 4 تایبەت بە دامەزراندنی (دەستەی خانەنشینی نیشتمانی و صندوقی خانەنشینی) پێویستە بە یاسا رێکبخرێت و ماوەی 60 رۆژە دیاری بکرێت تا پەرلەمانی کوردستان یاساکە دەربکات، نەك بە پەیڕەو لە لایەن ئەنجومەنی وەزیران.**

**٦. مادەی 5 تایبەت بە ئەو پلە بالآیانەی کە لە خەباتی رزگاری نیشتمانی بەشداربووان قەرە بوو بکرێنەوە بە پاداشتی مەعنەوی و بۆ یەك چار پاداشتی مادی بکرێن کە بتوانن بە شایستەی بژین تا لە ژیان ماون .**

**٧. دەربارەی ماددەی پێنجەم پێشنیار دەکەین هەموو ماف و ئیمتیازاتی شەهیدان ئەوەی لە یاسای ژمارە (9)ی ساڵی 2007 ی هەموار کراو تایبەت بە ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان هاتووە میراتگرەکانیان لێی سوودمەند بن.**

**٨. پرۆژە یاساکە دەستی نەبردووە بۆ موچە و خانەنشینی دادوەران، پێویستە ئەوانیش بگرێتەوە وەکو پلە باڵاکان .**

**٩. پێویستە پرسی مووچە پاشەکەوتکراوەکان لە یاساکە جێبکرێتەوە، بەشێوەیەك مووچە پاشەکەوتکراوەکان لە حیسابێکی بانکی بۆ فەرمانبەران دابنرێت، بۆ ئەوەی زەمان بێت بۆ نەفەوتانێ .**

**١٠. کارنەکردن لە هیج بارێك بە یاسای بەرکاری خانەنشینی لەبەر ئەوەی ماف و ئیمتیازاتەکانی کەس و کاری شەهیدن و ئەنفالکراوان و زیندنیانی سیاسی (مینحە) ن نەك موچە و پەیوەندیان بە خانەنشینیەوە نیە و بەهەمان شێوەی یاسا ئیتیحادیەکان بەگوێرەی یاسای تایبەت رێکخراون.**

**١١. دۆزینەوەی چارەسەر بۆ شەهیدانی شەری ناوخۆ، لەبەر ئەوەی لەکاتی پێداچونەوە بە تۆماری شەهیدان ناکەونە بەر حوکمەکانی یاسای ژمارە (9)ی ساڵی 2007ی هەموار کراو.**

**١٢. بابەتی ساڵانی خزمەت پێویستە کۆنکریتی بێت، خزمەتی فعلیش پێناسە بکرێت کە مەبەست لێی چیە .**

**١٣. لەبارەی مادەی (12) لە پاڵ داواکاری گشتی و دیوانی چاودێری دارایی و دەستەی دەسپاکی، پێویستە لە یاساکەدا رێکاری تایبەت بگردرێتە بەر وەکو پێکهێانی لێژنەی هاوبەش یاخود ئەنجومەنی وەزیران ناچار بکرێت کە مانگانە راپۆرت بۆ رای گشتی بڵاوبکەنەوە لەسەر ئاستی جێبەجێکردنی یاساکە، کاتیش بۆ جێبەجێکردنی یاساکە دیاریکراو بێت.**

**١٤. پێویستە هەموو ئەو ماف و ئیمتیازاتانەی کە لەبرگەی پێنجەمی مادەی حەوتەمی پرۆژە یاساکە هاتووە تایبەت بە (خوێندن و تەندروستی و ..) کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوان لەناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بگرێتەوە.**

**١٥. لەگەڵ پشتگیری تەواومان بۆ هەردوو برگەی (شەشە ش و حەوتەم) ی مادەی حەوتەم، بەڵام دەستەواژەی (پاككردنەوە) نەشیاوە و باشتر وایە بگۆڕێت بۆ (پێداچونەوە) هەروەها رەچاوی ئەوە بكرێت ئەوانەی بەر حوكمەكانی ئەو دوو برگەیە دەكەون لەلایەن حكومەتی هەرێمەوە چارەسەری گونجاویان لە دەرەوەی تۆماری شەهیدان و زیندانیانی سیاسی بۆ بدۆزرێتەوە**

**١٦. مادەی 14 بڕگەی دووەم پێویستە لا بدرێت چونكە یاسا بەركارەكانی هەرێم رێكیخستوە و ئەو مادەیە دەبێتە هۆی ناچێگیری لە حكومەكانی دادگاكان و بەجۆرێك یاساكە و جێبەجێ كردنی دوادەخات .**

# وێنەی چالاکی لە هۆتێل چوارچرا لە هەولێر








STOP
STOP
ORGANIZATION
FOR MONITORING
AND DEVELOPMENT
Chwarchra Hotel
بۆچونی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لەبارەی
پسپۆڕانی یاسایی و ئابوری.
2019/12/21




هەولێر - هۆتێل




**وێنەی کاتی کۆبونەوە لەگەڵ لیژنەی دەسپاکی لە پەرلەمانی کوردستان و گفتوگۆی سەرنج و پێشنیارەکان.**





# STOP Organization

## for Monitoring & Development


Stop Organization
for Monitoring & Development
www.stopac.org
info@stopac.org
07816958474 - 07504855967